# زانكۆی ئاینده كردنەوەكەی فاولْ بوو داخستنەكەشی پەنارتی

**سيروان غەريب**

ئەوەی یەك تۆزقالْ بەووردی تەماشای كێشەی كردنەوەی زانكۆی ئایندەو پاشان داخستنەكەی بكات، ڕێكو ڕەوان و بەبیٚ ڕتوش بۆی دەردەكەوێت كەكردنەوەكەی فاوڵێكی توندی حكومیانە بوو بەرامبەر كۆمەڵێك یاساو پرنسیپی كردنەوەی زانكۆو, داخستنەكەشی پەنارتییەكی بیٚ وێنە بوو دژی ئەو خوێندكارانەی كە لەهەردوولاوە بەشیان هەر گۆلْ لێكردن بووە.

لەجیهانی ئەمڕۆدا كردنەوەی زانكۆی ئەهلی و پاڵپشتی كردنی, كارێكی ئێجگار پێویستە بەتایبەتی لەولاٌتانی دواكەوتوودا كە دەزگاكانی پەروەردەو خوێندنی بالاٌ لەئاستێكی پێویستدا گرنگییان پێنادرێت و هەندێجار بێئەندازە كراونەتە پاشكۆی حیزبی دەسەلاٌت و تەنانەت لەمەهامە زانستی و نیشتمانییەكەیان دوور خراونەتەوە.

ئێمە هەموومان بەچاوی خۆمان زانكۆ رەسمییەكانی كوردستانمان بینیوە كە لەئاستی پێویستدا نییەو پڕ كێشەترین جێگای وولاٌت زانكۆكانێتی، كە فەرشە سورەكەی بەبەردەوامی لەژێر پێی حزبدا ڕاخراوەو حەرەمەكەشی ڕۆژانە بەدستی كوڕانی حزبەوە پێشێل دەكرێت.

هەفتەی ڕابردوو خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی كە ماوەی مانگێكە سەرگەرمی نەخشە دانانن دژی زانكۆی ئایندەو شەقامەكانیان پڕ كرد لە دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەو زانكۆیە, مەرامەكانیان هاتە دیو زانكۆكە داخرا لەكاتێكدا ئەو دروشمانەی ئەوان ڕووبەڕووی زانكۆی ئایندەیان دەكردەوە، حەرف بە حەرف بۆ زانكۆكەی خۆیان دەبوو، چونكە هەمومان چاك دەزانین لە ڕووی قبولْ خاس و خوێندكاری بێنمرەوە زانكۆ بەڕێزەكەی سلێمانی بەشەكەی بەشی مام شێرە.

خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی بە پاڵپشتی حزب زانكۆی ئایندەیان داخست بەلاٌم ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی حكومەت دەبێتەوە ئەو پرسیارانەن كە ڕەنگە وەلاٌمەكەی هەر لای حزب بێت.

بۆچی حكومەت ڕێگەی دا زانكۆی ئاینده بكرێتەوە ئەگەر یاساكانی بوون بەزانكۆی تیادانییە؟ ئەگەر حكومەت بەرگری لەوە دەكات كە زانكۆیەكی زانستییە بۆچی داخستنی قبولْ دەكات؟.. ئایا زانكۆی ئاینده بە بڕیاری كیٚ كرایەوەو كێش دایخست؟ ئەگەر داخستنی زانكۆیەك بكەوێتە دەستی حزبەوە ئەی حكومەت كاری چییە؟ بۆچی تاوەكو ئێستا هەڵوێستێكی ڕوون و ئاشكرا نییە بەرامبەر بە ئایندەی ئەو خوێندكارانەی كە خەونیان بەئایندەی خۆیانەوە دەبینی؟ یان كیٚ قەرەبووی دواكەوتنی ئەو خوێندكارانە دەكاتەوە كە بەقسەو بڕیارەكانی ئێوە زانكۆی ئایندەیان هەڵبژارد؟ كیٚ هەیە ئەو خوێندكارە تورانە ئاشت بكاتەوە كە هەست دەكەن لە نێوان هەڵوێستی حكومەت و هەڵوێستی حزبدا گەمەیان پێدەكرێت؟ ئایا ئەگەر وەلاٌمی ئەم پرسیارانەمان دەست نەكەوت مافی خۆمان نییە بڵێن لەو گەمەیەدا هەمیشە خوێندكار گۆڵی لێكراوە.

S_gareb@yahoo.com
sirwangarib@gmail.com